# هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە عێراق: ئەگەر و پێشهاتەکان

**یاسین تەها**، خوێندکاری دکتۆرا لە مێژووی ئایین و ئایینزاکان، هەروەها شارەزا لە کاروباری عێراق

چوارچێوەی شیعە پێداگرن لە 18ی ئەم مانگە (کانوونی دووەم) بە هەر نرخ و جۆرێك بووە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەموو عێراق (جگە لە هەرێمی کوردستان) ئەنجام بدرێت؛ لە بەرامبەریشدا سەدرییەکان بەردەوامن لەسەر بایکۆتکردن و هەوڵی پەکخستنی پرۆسەکەش دەدەن. لەسەر ئاستی هێزە سوننەکانیش، لادانی حەلبووسی لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و هەوڵی یاساغکردنی حزبەکەی (تقدم)، ململانێیەکی سەختی بۆ داڕشتنەوەی نوێنەرایەتیی پێکهاتەی سوننە دروست کردووە. ئەم شرۆڤەیە لەسەر ڕەوشی گشتیی هەڵبژاردن و لێکەوتە و ئەگەرەکانی لەسەر هەردوو ئاستی پێکهاتەکانی شیعە و سوننە هەڵوێستە دەکات، کە لە مەودای ناوەڕاست و دووردا لێکەوتەیان دەبێت لەسەر هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانییە گشتگیرەکان و ناوەندی بڕیار لە بەغدا.

**باگەخی هەڵبژاردنی کۆتایی 2023**

هەڵبژاردنی کۆتایی ئەمساڵ (2023)، یەکەم ئەزموونی دەنگدانە پاش 10 ساڵ گوزەرکردن بەسەر دوا هەڵبژاردنی لۆکاڵی کە 2013 بەڕێوە چوو. لە دوا هەڵبژاردنەدا کە سێیەم ئەزموونی ئەنجومەنە خۆجێیەکان بوو لە عێراق، پاش هەڵبژاردنەکانی 2005 و 2009، لیستەکەی نووری مالیکی (دەوڵەتی یاسا) زۆرینەی بەدەست هێنا؛ بەمەیش لە پەنا سەرۆکایەتیی حکوومەتدا، دەستی بەسەر جومگە گرنگەکانی بەڕێوەبردنی پارێزگاکانیشدا گرت، بەڵام هێرشی داعش بۆ عێراق و گرتنی سێیەکی خاکەکەی (حوزەیرانی 2014)، وڵاتی خستە جەنگێکی خوێناوی و نەیهێشت لە 2017 ئەنجومەنەکان نوێ ببنەوە و هەڵبژاردنی نوێ بکرێت. دواتریش خۆپیشاندانی تشرین (2019)ی بەسەردا هات؛ ناڕەزاییی خۆپیشاندەرانیش ئەنجومەنی پارێزگاکانی بە هەڵوەشاندنەوە دا، چونکە ئەنجومەنەکان تۆمەتبار کران بە بارگرانی لەسەر بوودجە و هۆکارێك بۆ قووڵبوونەوەی گەندەڵی و ماشینەوەی زیاتری سەرچاوەکانی داهات[1].

لە ڕووی سیاسی و دەستوورییەوە هەڵبژاردنەکەی 18ی ئەم مانگە، تەواوکردنی جومگەیەکی گرنگی پەیکەری دەسەڵاتە لە عێراق؛ ئەنجومەنە خۆجێیەکانیش چاودێر دەبن بەسەر پارێزگارەکان و پرۆژەکانیان؛ هەروەها میکانیزمێکیشن بۆ وردکردنەوە و دابەشکردنی زیاتری دەسەڵاتەکان. لە دەستووری عێراقیشدا (ماددەی 122)[2]، دەسەڵاتی کارگێڕی و داراییی بەفراوان دراوە بە ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان؛ بە جۆرێك بەپێی پرەنسیپی ناسێنترالی، خۆیان بەڕێوە دەبەن. هەروەها ئەو ئەنجومەنانە ملکەچ نین بۆ دەسەڵات و سەرپەرشتیی وەزارەتەکان؛ لەمەیش گرنگتر، خاوەن بوودجە و داراییی سەربەخۆی خۆیانن. دەسەڵاتەکانیشیان هاوشێوەی پەرلەمانێکی بچووکە لە پارێزگاکانیان؛ دەسەڵاتی دانانی پارێزگار و لادان و چاودێریکردنیان هەیە. هەموو ئەمەیش لە پێناو شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دوورکەوتنەوەیە لە سیستەمی ناوەندگەرایی کە لە مێژووی 100 ساڵدا لێکەوتەی خراپی هەبووە لە عێراق.

## ڕەخنەکان لە ئەنجومەنەکانی پارێزگا

لە دەرەوەی لایەنە باشە تیۆرییەکان و لە ڕووی پراکتیکییەوە، کۆمەڵێك ڕەخنە و تانە لەسەر ئەزموونی 15 ساڵەی ئەنجومەنەکانی پارێزگا هەن. ئەم ڕەخنانەیش بەردەوام ڕووبەڕووی هەوڵەکانی زیندووکردنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکرێنەوە، گرنگترینیشیان بریتین لەمانە[3]: سەرچاوەی دارایی و پارەدارکردنی حزبەکانن لە ڕێگەی گەندەڵیی پرۆژەکان و هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگە ئابوورییەکانی حزبەکان، لە ساڵانی کارکردنیان بەرهەمیان بێهیواکەر بووە و بوودجەی زۆری وڵاتیان بەفیڕۆ داوە، زۆر پرۆژەی ستراتیژییان لەبەر بەرژەوەندیی حزبە باڵادەستەکان پەك خستووە و، هۆکارێکن بۆ قووڵکردنەوەی ململانێی سیاسی و دابەزاندنی لە ئاستی سەرەوە بۆ خوارەوە.

جیا لەم ڕەخنانەیش کە پەیوەندیی بە ئەزموونەوە هەیە، هەن دەپرسن پاش ئەوەی ئیرادەی خەڵك لە تشرینی 2019 ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەڵوەشاندەوە و پەرلەمانیش بە بڕیار ئەو ئیرادەی هەڵوەشاندنەوەی پەسەند کرد[4]، چۆن دەکرێت جارێکی تر بگەڕێنرێنەوە سەرکار؟ ئایا ئەمە دژایەتیی ئەو خواستە گشتییەی خەڵکانی چالاك و هەڵسوڕاوی عێراق نییە؟ ئەم بۆچوونە پێی وایە بەفیدراڵیکردنی وڵات لە دروستکردنی هەرێم و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکاندایە، نەك لە زۆرکردنی ئەنجومەنەکان کە بە ئەڵقەیەکی زیاد و ناپێویست تەماشا دەکرێن. جگە لەوەیش ئەزموونی کارکردنی پارێزگارەکان لە سێ ساڵی ڕابردوودا بەتەنیا، باشتر و سەرکەوتووتر بووە لە ئەزموونی پێشوو[5].

هەرچەندە خواستێکی گشتی هەیە، لەم هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەی کۆتایی 2023 گۆڕانکاری دروست ببێت و نموونەیەکی جیاواز پێشکەش بکرێت، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە بەدیهاتنی ئەمە بەئەستەم دەبینرێت، ئەویش بەهۆی شەڕی ژمارەیەکی زۆر لە حزب و هێزی سیاسیی ڕکابەر لەسەر کورسییەکان کە (296) حزب و (50) هاوپەیمانین لەگەڵ چەندان بەربژێری تاك لە چوارچێوەی لیستە سەربەخۆکان[6]. هەموو ئەمەیش کێبەرکێ دەکەن لەسەر (285) کورسی لە (15) پارێزگا کە (10) لەوانە هی کۆتای پێکهاتەکانن[7]. لەگەڵ ئەمەیشدا باوەڕێکی زاڵ هەیە کە بڕیاری سیاسی ئەوەیە کۆنتڕۆڵی ڕەوشەکە لەدەست هێزە سیاسییە گەورەکان دەرنەچێت؛ ڕێگەیش نەدرێت هێزە نوێیەکان بتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن و ڕۆڵی سەرەکییان لە نوێکردنەوە و گۆڕینی شێوازی کاری ئەو ئەنجومەنانە هەبێت[8]. ئەمەیش بە مانای مانەوەی شێوازەکانی کاری پێشووە وەك خۆیان.

## کێشمەکێشی چوارچێوەی شیعی و سەدرییەکان

یەکێکی تر لە تەنگژەکانی بەردەم هەڵبژاردنی نوێ، کێشەی سەدرییەکان و چوارچێوەی هاوئاهەنگیی شیعەی هاوپەیمان و شوێنکەوتەی "تاران"ن. سەدرییەکان لەسەر فەرمانی موقتەدا سەدر لە ناوەڕاستی 2022 لە پەرلەمان کشانەوە[9]؛ سەرباری هەوڵی زۆریش بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناو پرۆسەی سیاسی، لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیشدا، بەردەوامن لە درێژەدان بە بایکۆت و بەشداریی سیاسی لە سایەی باڵادەستیی چوارچێوەی شیعەدا. نەك هەر ئەوە، موقتەدا سەدر هانی لایەنگرەکانی دەدات تا دەتوانن بایکۆتی هەڵبژاردنی پارێزگاکان بکەن بۆ ئەوەی شەرعییەتی نێودەوڵەتی لاواز ببێت[10]. ئەمەیش دەکرێت جۆرێك لە هاندانی پشتپەردە بێت بۆ تێکدانی پرۆسەکە کە دواتر هەندێك لە سەدرییەکان بە دڕاندنی پۆستەری کاندیدە شیعەکان لە پارێزگاکان پراکتیکیان کرد[11]؛ لە هەندێ جێگەیش گرژیی سەدرییەکان و

ڕەوتی حیکمەی عەممار حەکیم لەسەر هەڵبژاردن، سووتاندنی بارەگای بە دوای خۆیدا هێنا[12]. ئەو دۆخەیشی لە نێوان لایەنگرانی بایکۆت و لایەنگرانی بەشداریدا هەیە، دیسانەوە بارگرژیی گێڕاوەتەوە بۆ شەقامی شیعی. ئەم دۆخەیش گەڕانەوەیە بۆ ڕەوشی شەڕ و کوشتاری نێوخۆییی کۆتاییەکانی ئابی ساڵی پار (2022) کە بەهۆیەوە سەدر کۆتایی بە پێداگرییەکانی لەسەر پێکهێنانی حکوومەتی زۆرینە هێنا؛ بڕیاری کشانەوەیشی لە پرۆسەی سیاسی دا[13]. چوارچێوەی شیعی لە ئاست بایکۆت و هەوڵەکانی سەدر بۆ تێکدانی هەڵبژاردن، دوو لێکەوتەی خراپ دەبینن:

**یەکەم**، خۆسەپێنیی سەدر بەسەر بڕیار و پێداگریی چوارچێوەی شیعی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کاتێکدا ئەو ئێستا کەمینەیە. **دووەم**، بایکۆتی سەدرییەکان کە ڕەوتێکی جەماوەریی شیعەن، دەبێتە هۆی لاوازکردنی دەنگ و پێگە و ئامادەییی پێکهاتەی شیعە لە هاوکێشەی هەڵبژاردن، بەتایبەت لەو پارێزگایانەی تێکەڵن لەگەڵ سوونەکان لە چەشنی بەغدا و دیالە. لەم نێوەیشدا باوەڕێکی بڵاو هەیە کە بایکۆتی سەدرییەکان- کە هاوکاتە لەگەڵ بێهیوایی زۆری شەقام لە ئەنجومەنەکانی پارێزگا- ببێتە هۆی دابەزاندنی ئاستی بەشداریی شیعەکان لە هەڵبژاردن بۆ نزمترین ئاست لە مێژووی پرۆسەی سیاسی، بەتایبەت لە پارێزگای بەغدا؛ ڕەشبینییەکەیش بە جۆرێکە باس لە ڕێژەی بەشداریی 5_10%ی دەنگدەران دەکرێت لە هەندێك ناوچەی شیعەنشین لە باشترین حاڵەتدا. ئەمەیش پەڵە و لەکەی زۆر لەسەر پرۆسەکە دروست دەکات و دەبێتە پاساویش بۆ سەدرییەکان کە زیاتر تانە لە پرۆسەکە بدەن؛ جگە لەوەیش چانسی هێزە سوننەکانی ڕکابەر بەهێزتر دەکات[14]. چوارچێوەی شیعە ترسی ئەوەیشیان هەیە سەدر و حزبەکەی حەلبووسی ڕێك کەوتبن لەسەر ئەوەی جەماوەری ڕەوتی سەدر لە ناوچە تێکەڵەکان دەنگ بە لیستەکەی حەلبووسی بدەن[15]. ناوبەناویش پێچەوانەی ئەمە دەڵێن و باس لەوە دەکەن سەدر هەڕەشە دەکات بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردن تا نزمترین ئاست کەم بکاتەوە و پرۆسەکە لەکەدار بکات[16].

ئەوەیشی مەترسییەکانی چوارچێوەی شیعی زیاتر دەکات لە بایکۆتی دەنگدان، بێبەشمانەوەی هەشت ملیۆن دەنگدەرە لە کۆی (20) ملیۆن لە کارتی بایۆمەتریی دەنگدان. پێشبینیی نەچوونی ژمارەیەکی هاوشێوەیش هەیە بۆ دەنگدان کە کۆی گشتی دەکاتە (16) ملیۆن کەس، بەتایبەت کە سەدرییەکان خۆیان یەك ملیۆن دەنگدەرن؛ لە ناوچەکانی بڵاوبوونەوەیشیان کاریگەرییان لەسەر دەوروبەری (10) ملیۆن کەس هەیە[17]. ئەمەیش لە کاتێکدایە نزمبوونەوەی بەردەوامی ئاستی بەشداری لە هەڵبژاردن، قۆناغ بە قۆناغ وەك تارمایی بەسەر پرۆسەکانی هەڵبژاردنەوە سێبەری کردووە و بووەتە کێشەیەکی بەردەوامی داخورانی شەرعییەتی جەماوەریی پرۆسەی سیاسیی عێراق. بە گەڕانەوەیش بۆ تۆمار و پێشینەکان ڕێژەکان لەسەر ئاستی فەرمی بەم جۆرەی خوارەوە دابەزیون: لە هەڵبژاردنی کۆتایی 2005 ڕێژەی بەشداریکردن (76%) بوو، لە هەڵبژاردنی 2010 دابەزی بۆ (62%)، لە هەڵبژاردنی 2014 کەم بووەوە بۆ (61%)، لە هەڵبژاردنی 2018 دیسان دابەزی بۆ (44%) و لە کۆتا هەڵبژاردنیش (2021) بەفەرمی لە (43%) وەستایەوە[18]. گومان و ئاماژەنمای زۆریش هەن کە هێشتا ئەو ژمارانە ورد نین و ڕێژەکانی بەشداری بەکردەیی و ڕاستی کەمتریش بوون لەوانە؛ ئەگەر بایکۆتی ئەو خەڵکانە لەبەرچاو بگیرێت کە مافی دەنگدانیان هەبووە و لە بنەڕەتەوە تۆماری خۆیان نوێ نەکردووەتەوە یان لە لیست و تۆماری کۆمیسیۆندا نەبوون.

هەندێك لەو خەمڵاندنە سەرەتاییانەیشی کراون، باس لەوە دەکەن پێداگریی بەشێك لە شیعە لەسەر بایکۆتی هەڵبژاردن، بە گوێرەی سیستەمی "سانت لیگۆ"ی هەموارکراوی 1.7، لە بەغدای پایتەخت بە نموونە کە (49) کورسیی هەیە، بەم جۆرە دەبێت: کورسییەکانی شیعە لە ئەنجومەنی پێشوو (37) بووە کە دەکاتە

(76%)، هی لیستە سوننەکان (12) بووە کە دەکاتە (24%)، بەڵام لە حاڵەتی بەشدارینەکردنی سەدرییەکان، ئەگەر هەیە کورسیی هێزە شیعەکان دابەزن بۆ (30) کورسی و هی هێزە سوننەکان هەڵکشێن بۆ (19)؛ ئەمەیش هاوکێشەکە دەکات بە (61%) بەرامبەر (39%) لەم خولە نوێیە[19].

**لیستە شیعەکان و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سێکوچکەی دەسەڵات**

لەم هەڵبژاردنە، پێکهێنەرەکانی چوارچێوەی شیعە فرەلیستن، جگە لە کەرکووک و نەینەوا. دیارترین ئەو لیستە شیعانەیشی لە هەناوی چوارچێوەی حوکمڕانەوە هاتوونەتە دەرەوە و لە پرۆسەکەدا ڕکابەری دەکەن بریتین لە:

– لیستی دەوڵەتی یاسای نووری مالیکی و هاوپەیمانەکانی لە فەزیلە و هەندێك گرووپی چەکدار[20].

– هاوپەیمانیی "نبني" کە چەتری کۆکەرەوەی لیستە سیاسی و چەکدارەکانی بەدری هادی عامری و "إرادة"ی حەنان فەتلاوی و "الصفوة"ی عەسائیبی قەیس خەزعەلی و کۆمەڵێك گرووپی تری چەکداری شیعەیە[21].

– لیستی "نصحح"ی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی[22].

– لیستی "قوى الدولة الوطنية"ی هاوبەشی حیکمەی عەممار حەکیم و حەیدەر عەبادی[23].

هەرچەندە لە پارێزگا شیعەنشینەکاندا لیستەکانی شیعە بەتوندی ڕکابەریی یەکتر دەکەن، بەڵام لە کەرکووک و نەینەوا، کە ڕکابەری کورد و سوننەیان پێکەوە هەیە، یەکگرتوون و وەکوو چوارچێوەی شیعی بەشداری دەکەن. هەروەها لە هەڵبژاردنی ئەم جارەدا سەرنجی لیست و هێزەکانی چوارچێوەی شیعی چووەتە سەر پارێزگا سوننەنشین و تێکەڵەکان و، بەشی زۆریان چاویان لەوەیە بپەڕنەوە بۆ پارێزگا سوننەکان بە کەڵکوەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی باڵە چەکدارەکانیان. ئەمەیش پێشهاتێکە ئەگەرچی لەگەڵ یاسا و دەستوور ناکۆك نییە و هەمووان مافی بەشدارییان لە پارێزگا جیاوازەکان هەیە، بەڵام لەگەڵ ڕێسا باوەکانی پرۆسەی سیاسیی عێراق نایەتەوە، کە لەسەر سێکوچکەی پێکهاتەکانی شیعە و سوننە و کورد بنەڕەت بووە لە پاش ئەزموونەکانی هەڵبژاردنی 2005.

خاڵێکی تر کە زۆر جێگەی سەرنجە، هەڵبژاردنە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان بەڵام گوتاری هەڵمەتەکە زیاتر تائیفی، مەزهەبی، نەتەوەییە و کەمترین باسی پرۆژە و بەرنامەی کاری تێدایە؛ ئەمەیش زیاتر چاودێران دەخاتە سەر باوەڕی ئەوەی هێزە شیعەکان هەڵبژاردنی پارێزگاکانیان بۆ تەواوکردنی سێکوچکەی هەژموون بێت؛ بەو واتایەی پاش ئەوەی کۆنترۆڵی پەرلەمان و حکوومەتیان کرد (2022)، هەوڵی ئەوەیش بدەن لە کۆتاییی (2023) دەست بەسەر ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بگرن و بەمەیش بەتەواوی کۆنترۆڵی جومگەکانی دەوڵەت بکەن و هەوڵی دروستکردنی قۆناغێکی نوێ بدەن لە سایەی چوارچێوەی شیعە، ئەگەر نا بارودۆخ لە ئێستادا لەبار نییە بۆ سازکردنی ئەو هەڵبژاردنە[24].

**گۆڕانی گریمانکراوی نەخشەی هێزە سوننەکان**

گەورەترین پێشهاتی گۆڕەپانی سیاسیی سوننە، لادانی محەمەد حەلبووسی، سەرۆکی حزبی "تقدم"ە لە

سەرۆکی پەرلەمان؛ بە دوای ئەوەیشدا هەوڵی بلۆککردنی حزبەکەیەتی لە ڕێگەی کۆمیسیۆن و دەستەی دادوەریی ناو کۆمیسیۆنەکەوە. ڕکابەرەکانی حەلبووسی بەوە تۆمەتباریان کردووە گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەمریکیی هاوبەش لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی ئیسرائیلی[25] کردووە. ئەم پێشهاتەیش لە شەقامی سوننەدا کتوپڕ بوو، هەروەها جموجوڵی زۆریشی بە دوای خۆیدا هێناوە چونکە وەها باوە لایەنی زاڵی سوننە هەمیشە ئەوە دەبێت کە لە بەغدا نوێنەرایەتیی پێکهاتەکەی بەدەستە؛ مەرجەعی باڵای ئەم پێکهاتەیەیش زیاتر پۆستەکانی ناو دەوڵەتە. هەر بەم هۆیەیشەوە بوو لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەماندا (2021) حزبەکەی حەلبووسی (تقدم) بەتەنیا (14/ 15) لە کورسییەکانی پارێزگای ئەنباری بەدەست هێنا؛ هاوکات لەگەڵ ئەوەیشدا هەڵکشا بۆ پارێزگا سوننەنشینەکانی دیکە تا نەینەوا؛ کۆی کورسییەکانیشی گەیشتنە (37) کورسی لە کۆی (71) کورسیی هێزەکانی سەر بە پێکهاتەی سوننە[26].

حەلبووسی بەرگرییەکی سەرسەختانە دەکات؛ لەم نێوەندەیشدا پەنای بۆ دوو میکانیزم بردووە: **یەکەمیان** ئاشکراکردنی مامەڵەی (286) لایەن و کەسایەتیی عێراقییە لەگەڵ کۆمپانیاکانی لۆبیکردن لە ئەمریکا، هەندێك لەوانەیش لەگەڵ BGR مامەڵەیان هەیە کە لەسەر ئەم کراوەتە کێشە؛ بەو پێیەی دەوترێت یەکێك لە ڕاوێژکارەکانی ئیهوود باراکی سەرۆکوەزیرانی پێشووتری ئیسرائیلە و هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ تەل ئەبیب دەدات[27]. **دووەمیشیان**، هەڕەشەی هەڵدانەوەی دۆسیە ئەمنی و گەندەڵییەکانی ڕکابەرەکانییەتی لە شەقامی سوننە کە بەشێکیان لە ڕاستیدا حوکم و بڕیاری ئیدانەکردنیان لەسەرە؛ نموونەی ئەوانەیش جەمال کەربۆلی، حەیدەر موڵلا، سوهەیب ئەلڕاوی و زۆرێکی ترن. هەروەها حەلبووسی هەڕەشەی ئەوەیشی کرد ئەگەر سکاڵا و دادگە سوودیان نەبێ، ئەوە پەنا بۆ دار و کوتەك دەبات[28]؛ ئەمەیش کۆمەڵێك پەرچەکداری توند و جنێوی هاوشێوەی لە هێزە سوننە ڕکابەرەکانییەوە بەرامبەر ئەو بەدوادا هات، لەوانەیش هەڕەشەی هەواڵەکردنی بۆ زیندان[29]؛ دۆخێکی وەهایشی هێناوەتە کایەوە لە گرژی و گۆڕینەوەی جنێو و ناو و ناتۆرە کە لە شەقامی سوننەدا دەشێت بێپێشینە بێت.

لە شەقامی سیاسیی سوننە و شوێنەکانی نیشتەجێبوونی ئەم پێکهاتەیەدا (13) هاوپەیمانێتیی جۆراوجۆر بە بەشداریی (50) حزب ڕکابەری لەسەر کورسییەکانی پارێزگا سوننەنشینەکان دەکەن؛ لەو ژمارەیەیش سیانیان هاوپەیمان یان سەر بە حەلبووسین و (8)ی تریان ڕکابەری دەکەن و هەوڵی جێگەگرتنەوەی دەدەن؛ دیارترین ئەوانەیش بە سەرۆکایەتیی موسەننا سامەڕایی و جەمال کەربۆلی و ئوسامە نوجێفین[30]. بەپێی ئەو ئامازانەیشی تا ئێستا بەردەستن، پێ ناچێت حەلبووسی بەتەواوەتی بکرێتە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی، بەڵام هەندێك لە چالاکیی هێزە سوننەکانی ئەنبار ئاماژەی ئەوەیان تێدایە ڕکابەرەکانی حەلبووسی ڕەنگە بتوانن قەبارەی بچووك بکەنەوە[31]. لەگەڵ ئەمەیشدا ئەگەرێك هەیە بەهۆی هاوسۆزی و دەرکەوتنییەوە وەك ستەملێکراو، چانسی زیاتر ببێت و ئەمەیش تا ڕۆژی هەڵبژاردن یەکلایی نابێتەوە.

**فاکتەرە یەکلاکەرەوەکان**

بەپێی هەندێك لەو پێوەرە باو و بەدواداچوونانەی لەبەردەستدان[32]، نەخشەی جەمسەرگیری و هۆکارەکانی ئاراستەکردن و کۆکردنەوەی دەنگدەران لەم هەڵبژاردنە، بریتی دەبن لە کۆمەڵێك هۆکار لەوانەیش:

– جەمسەرگیریی خێڵەکییانەی ناوچە لۆکاڵییە داخراوەکان. ئەمەیش یەکێکە لە باوترین شێوازەکانی دەنگدان لە عێراقدا. لەمەیشدا سەرۆکهۆزەکان ڕۆڵیان هەیە لە ئاراستەکردنی دەنگدەران بە کاندید و لیستەکان.

– جەمسەرگیریی تائیفەگەری کە تێیدا دەنگدەر بە پشتبەستن بە هەڵوێستی مەزهەبیی لیست و کاندید دەچێتە سەر سندووقی دەنگدان. لەمەیشدا ڕەوتە ئایینی و مەزهەبییەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە هەڵمەتەکان.

– لە ناوچە جێناکۆکەکان بەزۆری دەنگدەران بە هاندەری نەتەوەیی دەچنە سەر سندووقەکان، بەتایبەتی لە نەینەوا، کەرکووک، دیالە، سەڵاحەددین.

– جەمسەرگیریی پراگماتیکی ڕاستەوخۆ: کە بریتییە لە چوونی دەنگدەر بۆ سندووقی دەنگدان بە پشتبەستن بەو خزمەتگوزارییە ڕاستەوخۆانەی پێشکەشی کراوە، وەک: قیرتاوکردنی شەقامەکان، دابینکردنی هەلی کار، گرێبەستی مەدەنی و سەربازی بۆ بێکاران، جگە لە کڕینی ڕاستەوخۆی دەنگەکان لەلایەن هەندێك لیست و پاڵێوراوەوە.

– دەنگدانی تۆڵەکاری: لەمەیاندا دەنگدەر دەچێت دەنگ بە دژی نوێنەرێک یان لایەنێک دەدات کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا سەرکەوتوو بووە، بەڵام بەڵێنەکانی بەرامبەر دەنگدەران جێبەجێ نەکردووە.

**سیناریۆ و ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان**

سەرباری ئامادەکارییە چڕەکان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە 18ی کانوونی یەکەمی 2023، هەندێك پێشهات و ئەگەر لە ئاسۆدا هەن، کە ناکرێت نادیدە بگیرێن و دەشێت سیان لەوانە زەقترین بن:

– پێداگری و هەڵپەی چوارچێوەی شیعەیش بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەوشەکە، ڕەنگە بەبێ پەرچەکرداری سەدرییەکان تێپەڕ نەبێت کە دەوترێت ئێستا لە قۆناغی خۆسازدانە و تا کۆتایی بێدەنگ نابێت و هەروا بە تەماشاکەری نامێنێتەوە[33]. هەندێك کەسی نزیك لەم ڕەوتەیش باس لەوە دەکەن پرۆژەی هەیە؛ ناوەڕۆکەکەیشی خستنی هێزە شیعەکانە بە هەڵبژاردن بێت یان بژاردەی تر[34]. سەدرییەکان لێیان ڕوونە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بەبێ ئەوان، هەنگاوێکە بۆ پەراوێزخستنی زیاتریان. بەم هۆیەیشەوە گرژیی چەکدارانە لە شەقامی شیعی زۆرە و مەترسیی ئەگەری بەریەککەوتنی سەربازی لە چەند لایەنێکەوە هەیە[35].

– دواخستنی هەڵبژاردن تا دوا چرکە هەر بە ئەگەر دەمێنێتەوە؛ لە لایەك بەهۆی گرژی و ناڕەزاییی سەدرییەکان، لە لایەکی تر بەهۆی بەرزکردنەوەی داوایەك دژی درێژکردنەوەی تەمەنی کۆمیسیۆن لە پەرلەمان لەلایەن بزووتنەوەی "امتداد"ەوە بۆ دادگەی فیدراڵی. ئەم بزووتنەوەیە باسی لەوە کردووە درێژکردنەوەکە نادەستوورییە؛ لە کاتێکیشدا کراوە، سەرۆکی پەرلەمان لا براوە، بەم هۆیەیشەوە تانەی لە دانیشتنە نائاساییەکانی خولی پێنجەم داوە، کە لە ڕۆژانی 18 و 22ی تشرینی دووەمی 2023 بەڕێوە چووە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ژمارە ٣١ی ساڵی ٢٠١٩[36]. ئەگەر ئەم تانەیەیش سەر بگرێت، کۆمیسیۆن ناتوانێت ئەرکی خۆی لە هەڵبژاردن جێبەجێ بکات.

– لە ڕێگەی دادگەی فیدراڵییەوە هەوڵ هەیە هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکووك دوا بخرێت. لەم نێوەیشدا کاندیدێکی هاوپەیمانیی "القیادە"ی سوننە (حەلبووسی و خەنجەر) لە دادگەی باڵای فیدراڵی سکاڵای لە دژی سەرۆکی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق تۆمار کردووە، داوا دەکات کۆمیسیۆن پابەند بکرێت بە دواخستنی هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکووك تا ئەو کاتەی وردبینی لە لیستی تۆماری دەنگدەراندا دەکرێت. دزەپێکراوە سیاسییەکانیش باس لەوە دەکەن هەوڵەکانی دواخستنی هەڵبژاردن جددین. گوشارەکانیش گەیشتوونەتە کۆمیسیۆن و حکوومەت و تەنانەت چوارچێوەی هاوئاهەنگیی شیعەیش پاش ئەوەی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بە 50+1ی دەنگ بڕیاری دا داوای دواخستن ڕەت بکاتەوە[37]. ئەگەر ئەم گوشارانەیش سەر بگرن، ئەگەری ئەوە هەیە کەرکووك بەبێ هەڵبژاردن بمێنێتەوە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


[1] https://2u.pw/jL0LSvc

[2] https://2u.pw/R9F9Q

[3] https://2u.pw/E2bYKzq

[4] https://2u.pw/n3PYRiJ

[5] https://2u.pw/d21GNIA

[6] https://2u.pw/sjXgZTI

[7] https://2u.pw/NDVmfNb

[8] https://bit.ly/3TbU3lS

[9] https://2u.pw/WiYRA1d

[10] https://2u.pw/brkfV32

[11] https://2u.pw/IxcVLAj

[12] https://2u.pw/mAEN8HA

[13] https://2u.pw/mOvRikA

[14] https://2u.pw/d21GNIA

[15] https://2u.pw/5OLxywL

[16] https://2u.pw/FcUmto8

https://2u.pw/5OLxywL [17]

https://2u.pw/g08fOmf [18]

https://2u.pw/yiJCg6r [19]

https://2u.pw/ueZl2E4 [20]

https://2u.pw/WqEv40w [21]

https://2u.pw/mz4KsYU [22]

https://2u.pw/O5H3Zh7 [23]

https://2u.pw/zTj5fSK [24]

https://2u.pw/rCeT6ji [25]

https://2u.pw/bb6nZGw [26]

https://2u.pw/Q3eTRPs [27]

https://2u.pw/vMSpE3T [28]

https://2u.pw/vMSpE3T [29]

https://2u.pw/SQwOtts [30]

https://2u.pw/Ze2y25A [31]

https://2u.pw/JimzQ9B [32]

https://2u.pw/r1TaM8u [33]

https://2u.pw/TA5cJZK [34]

https://2u.pw/AkBFZr0 [35]

https://2u.pw/1deuLaG [36]

https://2u.pw/E3jr7b3 [37]